بەبڵگە..مەسرور بارزانی "هەژماری من" دەگوازرێتەوە بەسەر وەزارەتی دارایی

ئەمڕۆ یەکشەممە،سەرکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران رایگەیاند کە بە فەرمانی مەسرور بارزانی، "هەژماری من" دەگوازرێتەوە بەسەر وەزارەتی دارایی.

لەو فەرمانکدا ، کە بە ئیمزای د. ئومێد سەباح، سەرکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەرچووە، هاتووە کە لەسەر فەرمانی سەرکی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار درا بە:

1-گواستنەوەی پرسەی بە بانکیکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم " هەژماری من" بەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری، وەزارەتیش سەرپشك دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەکە لەبەر ڕۆشنایی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکانی بانکی ناوەندی فیدراڵی، و ئەژماری بانکی مووچەخۆر پارێزراو دەبێت بە گوێرەی هەمان یاسا و ڕێنماییەکانی بانکی ناوەندی فیدراڵ.

2-سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم فەرمانە جێبەجێ دەکەن

لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان و ئاسانکاری پێویست پێشکەش دەکەن.